# ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن و سنووردارکردنی ئازادییەکان!

یوونس حەمد ڕەشید

چەند ڕۆژێک لە مەوبەر کۆنفرانسی ئەنجومەنی باڵای ڕاگەیاندن کۆتایی پێهات، لیژنەکە دیارە بۆ ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەوانیە لە کوردستان، بەڵام چەند پرسێکی گرنگ دێتە ئاراوە دەربارەی زەرورەت و سروشتی ئەم دەزگایە. ڕاگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو، سەربەخۆ و ئازادە، یەکێک لە ڕۆڵە سەرەکیەکانی،

بریتیە لە چاودێری کردنی دەسەڵاتەکانی تر، بۆیە لکاندنی ڕاگەیاندن بە دەسەڵاتی تەنفیزی زۆر جێی سەرسوڕمانە، دەزگایەکی لەم جۆرە، کە زۆربەی ئەندامانی لەلایەن دەسەڵاتەوە دانراون، تەنها وەک هەوڵدانێکە بۆ کەمکردنەوەو سنووردارکردنی ئازادی نووسین و ڕۆژنامەوانی، تەنانەت دوور نیە وەک ئامرازێکی سانسۆریش بە کاربهێنرێت، بۆیە

دەبێت هەڵوێستی سەرجەم ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی مێدیا بە گشتی، یەکگرتووبێ دژی ئەم دەزگایە و دەبێت ڕەتبکرێتەوە، ئایا بۆ نموونە لە کاتی سەرهەڵدانی کێشەیەک لە نێوان حکوومەت و ڕۆژنامەیەک، چۆن دەکرێت متمانە بەو ئەندامانە بکرێت، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دانراون، ئایا دەتوانن بێلایەنی خۆیان بپارێزن؟.

پرسیارێکی تر ئەوەیە ئایا ڕەوشی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ پێکهێنانی دەزگایەکی لەم جۆرە؟ هەڵبژاردنی کاتەکەش ڕێک لە دوای کوژاندنەوەی خۆپێشاندانە جەماوەریەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، پرسێکی ترە دەربارەی شەرعیەتی ئەم ئەنجومەنە. ئاشکرایە کە لە کوردستان بە سەتان ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە دەردەچێت و گومان لەوە نیە، کە

ڕێکخستنی مێدیا بە گشتی پێویستی بە یاسا و دەزگایەکە هەبێت، بەڵام کاری ئەم دەزگایە دەبێت بۆ پتەوکردنی ئازادیەکانی ڕادەربڕین بێ نەک بەپێچەوانەوە، دەبێت کاربکات بۆ چاودێری ئەخلاقیەتی ڕۆژنامەوانی، بەهێزکردن و پاراستنی نەشروبڵاوکردنەوە، وەک دەزگایەک بۆ پەرەسەندن و گەشەپێدانی ئازادی وڕێخۆشکەرێک بۆ سەروەریی یاسا و دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی. دەبێت دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجومەنێکی لەم جۆرە لە چینی ڕۆشنبیران و کەسانی خاوەن ئەزموون و بێ لایەن پێک بێت، نابێت نە

حکوومەت و نە حزب بە هیچ جۆرێک هەوڵی کۆنترۆڵ کردن و دەستێوەردان لە کارەکانیان بکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت یارمەتی داراییشان بدەن، چونکە ڕاگەیاندن هەمان گرنگی حکومەت و پەرلەمانی هەیە بۆ کۆمەڵگاو ئەرکی بەخشینی زانیاری لەئەستۆدایە بەرامبەر بە جەماوەر، وە لە هەرێمی کوردستان، تا ئێستا میدیا بە شێوەیەکی پێویست بە بازرگانی نەکراوە، و ناتوانێت بۆ نموونە بە داهاتی ڕیکلام بژیت